# باغ و پەنجەرە

**فەرامەرز ئاغابەیگی**
**(یەزد)**

باغـەکەی بەر پەنجـەرەی ژووری ئەتۆم
هەڵدەچم تا تۆ بدینم ماهی خۆم
باغـەوان داخم کەچی دێ بێ پرس
هـەر بەهار دەچنێ لک و سامان و پۆم.

**... تا بەهار**

ڕۆژی عومرم وەک شکۆفەی ئاڵی دار
تەرزەیی مانگی گوڵان دایخستە خوار
چەشنی پەڕتووکێکی بەر باران و با
لاپەڕەم ژاکاوە، دێڕم نادیار
تا کەمێکم شادمانی هاتە ڕێ
غەم خەیاڵی کرد غەنی بووم هات بە غار
هەر غەمێک و دووان نییە باسی بکەم
سینەکەم خەزنی غەمانە بێ ژمار
وەک سیامەندم بە لک دار دالەقاو
بۆ خەجی عیشقی وەفادار کوڵەوار
ڕەزبەرێکم پڕ لە خەرمانی گەڵا
دڵبژۆکی(١) خاکەلێوەم تا بەهار
زامەکانت خۆشەویستن چەشنی خۆت
خۆشەویستیی بەربژاری نێ لە کار
وەک بەیان سەرخۆشی دیداری ئەتۆم
ڕۆژەکەم! ڕۆژێ نەکەی تێکدەی قەرار!

**بوون و مان**

دەبینن کورد لە چەمبەردانی چەرخان*
کەچی وێستاوە دنیا دەستەوەستان

ڕەوا نابیندرێ پێی خاکەکەی خۆی
ڕەها نابێ لە شەڕ ناخێوی جیران

وەکو تاڵانیی چاو لێ دەکرێ، داخم!
هەچی دێ لایەکی دەدرێ لە دامان



لە چاخ ئاشووڕەوە تاکو ئەمێستا
گەلێ کۆمەڵ کوژی لێ کراوە گەلان

بەڵام هەر ماوە، دەشمێنێ لەمەودوا
بە کوێرایی هەموو چاوی نەیاران!

گەلێ ئازادی ویستی بێت و ئاشتی
لە بوون هەڵنابڕێ، مانە بەشی، مان!

---

*** لە چەمبەردانی چەرخان (چەرخ لە چەمبەردان): بریتییە لە ئازاردان و شکەنجە.**

**سەرمەشقانە**

گزینگی(۱) چاوەکەت، داوێکی ئاکاو
خەلاسیی کوا بە دەندووک پێوەبووی داو؟
چ ئیعجازێ لەگەڵتایە بە پەیڤێ
دڵ و هەست و چەم و ڕووحم دەکەی ڕاو؟!
لە سۆی عەترت کە ڕائەبری لە کۆڵان
سەرەتاتکێ ئەکەن گوڵباخ و لاولاو
بەبۆنەی تۆوە ژین پێناسە دەکرێ
ئەگەر کو تۆ نەبی، بێ ناوە بێ ناو
لەگەڵتا هاوکەلام و ئاشنابوون
خەیاڵاتێکی شیرینە، بەڵام خاو
هەناری هەستی دڵتم دانە* کردووە
نەڵێی عەشقم بەهەڵکەوتە و نەناسیاو!
بۆ سەرمەشقانەکەت* من شیعر ئەبەخشم
هەتاکو لابدەی تارای دەموچاو

**"سنە- جۆزەردانی ۱۳۹٤ی هەتاوی" (۲۰۱۵ز)**

*** گزینگ: دەتوانێ دوو مانا ببەخشێ:**
**ا- نوور و تیشکی چاو.**
**ب- بیلبیلە، گلێنەی چاو.**
*** سەرەتاتکێ: چاولێکردن بە دزییەوە.**
*** دانە کردن: دان کردن، دەنک دەنک کردنی هەنار.**
*** سەرمەشقانە: سەرمەشقانێ، شەرمەشکانە، سەرمەشکانە. ئاماژە بە دابونەریتێکی کوردەوارییە، لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەدا، لەمەڕ ئەم وشەیە، ئاوا نووسراوە: «دیارییەکە، زاوا دەیدا بە بووک کە تارا لەسەر ڕووی لا بەرێ».**

**ڕژیاگ**

شەختەبینەکاوکەوتووەتە ڕێم
ڕژیاگی دەستی پاییزم
بۆ ڕووی بەهارێ چاوەڕێم
بێت و گەڵاپۆشم بکا!

❊

دڵتەنگی داخم بێ ژمار
پڕ ئارەزووی سەخت و مەحاڵ
چۆنم هەبێ سەبر و قەرار
ژین وا خەفەت نۆشم بکا؟!

❊

کێوێکی بەفراویم وەرە!
شوێن پێت بەسەرما دابنێ
یادت لە دڵما تا سەرە:
دنیا بەبێ تۆشم بکا!

**گریمان**

**(۱)**

ژنانی شەنگی شنگال، ژنانی فەخری عالەم!
بە پێنووس و بە ڕوحم، لەگەڵ ئازاری ئێوەم ...

بەسەرهاتێکی ناهات، بە سەرتان هات، مەخابن!
هەتا دوا نەفخی سووریش، چەمی سووراوە(۱) دیدەم

لە پرسەی کامە دەرد و کامە ئێشتان، دابنیشم؟
گوڵاڵەی کامە خۆزگەی، وەریوتان من وەکۆ کەم؟

خودای باری تەعالا! گرانە باری شنگال!
دە هاواری ئەگەر تۆ، جیهانت ناوە بەرهەم!

لە شنگال و هەڵەبجە، لە کۆبانی و لە کۆڕەو؛
سەراسەر زامە مێژووم، برین و خوێن و ماتەم!

بە جێی "سەربازی ون"(۲) بوو، ئەمێستا نوقمە شاران!
گریان "وەڤدێ" هاتیش، چەنێ تۆمار دەکا غەم؟

**پەراوێزەکان:**

**١- سووراوە: خوێنینە.**

**٢- "سەربازی ون" // "وەڤدێ" : ئاماژە بە شیعرێکی عەبدوڵڵا پەشێوە لەژێر ناوی: «سەربازی ون»؛ لە دیوانی: "شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم" .**

## (٢)
## من ئەگەر...

من ئەگەر "لاڵیش" بایەم
بەسەرهاتی شنگال
وەزمانی دەخستم!

من ئەگەر "کەریش" بایەم
دەنگی بۆمبا و گوللەی سەر کۆبانی
گوێی ڕادێنام بۆ بیستن!

من ئەگەر "کوێریش" بایەم
ورشەی کێلی شەهیدانی هەڵەبجە
سۆی دەخستە چاوانم!

**"سنە- سەرماوەزی ١٣٩٤ی هەتاوی"**

## (٣)
## ئالان

سەرت نوقمی زەوی، دەست ڕوو لە ئاسمان
تەبارەی دەردی دنیات نایە سەر شان
ئەگەر ئینسان و دەریا دژ بە تۆ بوون
خودا نەیتوانی بتپارێزێ "ئالان"؟!

**"سنە – ٤١خەرمانانی١٣٩٤ی هەتاوی"**

## ویشکەسالانم

داری بەفرانباری بێ بەرگ و چرۆم
ڕێگەیەکی خەڵوەتی بێ هاتوچۆم

چۆن نەخوازم باڵی ڕزگاری ئەمن
تا لە زیندانی تەمەندا دەستەمۆم

نەقشی مافوورەی(١) دەروونم تێکچووە
تاڵ بە تاڵی هەڵوەشاوە تانوپۆم

شۆڕەکات هەرچی تەڕاییم بوو مژی
بوومە بێروونێ(٢) کە بێگانەم لە خۆم

تەنگژەی دەوران و یەزدان! چەن خەفەت؟
ئاسن و پۆڵا و کوچک نیم، من مرۆم

ژین، گەلێ سەختی لەگەڵ من گرتووە
داخی عیشقیش، سەوزە لەم ڕوحەی بەسۆم

ماڵی سەوزی پڕ پەڕەسێلکەی ئەتۆ
بۆتە پاژێکی(٣) وجوودم پێی گرۆم(٤)

لەگلەگی سەر دارەتووی گوندێکی دوور
پێم دەڵێ: ئەمنیش وەک تۆ تاک و زۆم(٥)

کەم کەم و هێدی لەناو دەریای ژیان،
داوەریوم وەک ڕەخ و لێواری چۆم

ویشکەسالانم لە دەستی ڕۆژگار
تۆ ببە باران و بەفر و تەرزە بۆم!

**پەراوێزەکان:**

**١- مافوورە: فەڕش، قاڵی.**

**٢- بێروون: چۆڵ و بیابان.**

**٣- پاژێک: بەشێک(جزئی از وجود).**

**٤- گرۆ: ئۆگر، خووگرتوو.**

**٥- تاک و زۆ: تاک و تەنها.**

## دێم و بەراو

تۆ بەراوی، بێ خەمی بارانی وەرزان
من بەڵام دێمێکی تینووی بەختەباران

خاکی هەر دووکمان یەکێکە و خۆزگەمان:
فەرقی یەکجارە، لە عەرد تا ئاسمان!

## گەردانە

وەکو گەردانەکەت(١) مـن دڵ گراوم
بە دەسـتی خۆت لـە مـلتا بەسـتراوم
نییـە خۆشـتر لـەوێ جێیـەک لـە دنیا
لـە مـل خۆتم نەکەی، گەردن بە داوم.(٢)

**پەراوێزەکان**

**١- گەردانە: گەردن بەند.**

**٢- گەردن بە داو بوون: بریتییە لە پابەندی، ئەسیر بوون.**

## دوو کۆپلەیی*

(١)

هـەڵاڵـەبرمـەکەم* دا سـەر هـەڵێنە؛
ئەرێ لاوێنـەری هـەسـت و گڵێنـە
لـەبەر جوانیتە سـەرداخسـتنت، یا:
لـەوە ڕامـاوی دنیـا بێ بەڵێنە!

**"سـنـە - پووشـپـەڕی ١٣٩٤ی هـەتاوی"**

(٢)

ڕەشـۆڵـەی* چاوەکانـت بێ قـەرارە
بە ئاسـمـانی دڵـمـدا بێ قـەرارە*
دەبا بێ لانە هـەڵبـەسـتێ لـە دڵـما
دڵـم بۆ ئەو لـە مێژە تاسـەبارە

**"یەزد - ١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هـەتاوی"**

*** دوو کۆپلـەیی: هـەمـان قاڵبی "دوو بەیتی"ی فارسـییە؛ لـە سـەر کێشـی عـەرووزیی: مـەفاعیـلون / مـەفاعیـلون / فەعـوولون.**

*** هـەڵاڵـەبرمـە: شـلێرە(لالـەی واژگون).**

*** ڕەشـۆڵـە: سـێرو(سـار).**

*** بێ قـەرارە: بێـت قـەرارە.**

## بوومەلەرزەی یاد

بوومـەلـەرزەی یادی تۆ، هـاتـ و لـەرزانی دڵـم
یادەکـەت کۆن نابێ قـەت، چاکـ ئـەمـەی زانی دڵـم

گیان کەنشـتم(٢) دەمبـەدەم، گیانی گیانان بێ ئەتۆ
تۆ نەبی مـن تێکدەچێ نەزم و لـێدانی دڵـم

چەشـنی باغـی پاییـزیی، لـەرزی وێ کەوتووە دڵـم
گەر نەیەی تۆ ئـەم کەڕەت، دێ بە پێیـانی(٣) دڵـم!

تۆ قـەراری عـاشـقی و هێـمـنیـت دا بوو بە مـن
چۆنە ئاوا غـەم دەخۆی، بۆ پەرێشـانی دڵـم؟!

حـەسـرەت و داخ و کەسـەر، تاکو دێ زیاتر دەبێ
دەسـت لـە دڵ هـەڵـناگرن، داخی داخانی دڵـم!

گەورەیی دڵ کوا بە مـن، دێتە وەسـفین و بەیان؟!
هـەر غـەمـێکم بێتە ڕێ، دەس بە دامـانی دڵـم

پڕ لـە لـەیلانکـ(٤) کەوە، باغـچـەکەی پاییـزی دڵ
تا بەهـار بێ بۆ خـەزان، بێتە ڕێوبانی دڵـم؟!

**پەراوێزەکان:**

**١- دڵ بڕۆکـ: تاسـەبار، ئاواتەخواز.**

**٢- گیان کەنشـت: دەمی ڕوح دەرچوون(نزع).**

**٣- بە پێیانی: بە پێیـەکانی.**

**٤- لـەیلانکـ: گوڵی زەمـەق(زنبق).**

## بڕینەوە

کە ویسـتیـان درەختێکی سـەرشـەقام ببڕنەوە
درەخـت وەزمـان هـاتـ و وتی:
دەس ڕاگرن! دەس ڕاگرن! مـن بێ تاوانم!
مـن ئەمـەگداری ئەم خاکـ و سـەرشـەقامـەم
مـن پەڕاویلـکەی بیرەوەریم؛
تۆ چاوێ لـە بەژنم بکەن
پڕە لـە یادگاری هـەڵکەنراوی لاوان و کیـژان!

دەس ڕاگرن! دەس ڕاگرن! مـن بێ تاوانم!
مـن جێگە ژوانی دڵدارانم
هێشـتا عـەتری دواییـن ژوانم ئەتکێ لـە لک و پۆ
چۆن دڵتان دێ بمبڕنەوە
مـن سـاباتی عـاشـقـانم!

### بۆچوون

پرسیم لە پەڕەسـلێرکەی کاڵی ڕەوەزان
بۆ ڕوو ناکەیە ئاوایی، چی دەکەی لـەم کەژ و دەشـتـە؟
وتی گیانە مـن گۆشـکراوی ئەم مـەڵبـەندەم
گەر لای تۆ کەژ و دەشـتـە، لای مـن بەهـەشـتـە!

### بیر

قوڕ بەسـەر ئەو بیرە وا، هـەر بیری بەند و دار ئەکا
تاج بەسـەر ئەو بیرە بۆ ئازادی گەل هـاوار ئەکا

دامودەزگایێ بە زۆر و مـلهوڕی ڕۆژ باتە سـەر
دەسـتدرێژی خۆی لـە مـل خۆی، عـاقیبـەت هـەوسـار ئەکا

### پرس و وەڵام

پرسیم لـە "با" چۆنە وا کز دامـاوی؟
کزەت بۆ وەک جاران هـەسـت پێ ناکرێ؟
- وتی: لـەوەتی کۆچی شـنگالم بینیوە
دەسـتم لـە پشـتـەوە گرێ داوە و
هـەڵناکەم بۆ هیچ کوێ!

پرسیم لـە "زەوی" بۆ بەم جۆرە ڕەش داگیرسـاوی؟
- وتی: لـەوەتی گۆڕی بەکۆمـەڵیان سـەپاندە ناخمـەوە
وەک مـاسـی ناو زگم ڕەش بووە بە داخمەوە!

پرسیم لـە "ئاسـمـان" کاروانی هـەورەکانت کوا؟
- وتی لـە کارەسـاتی کیمیابارانەوە،
هـەور بەرێکەوت نەبێ، نایە بێرەدا!

### حاڵی مـن

ژین لـەگەڵمـا ڕێ نەهـات و یار بە هـاوارم نەهـات
دەردی زۆرم دی، مـەخابن! دوایی ئازارم نەهـات

حاڵی مـن وەک داربەڕوویەک بوو کە گریا و پێی وتم:
بۆ خەڵووزیان هـەڵبڕیم و کەس بە هـاوارم نەهـات!

کەشـکەڵانی ڕێگەیی شـیریی ئەوینت، داخەکەم
بەم هـەمووە ئەسـتێرەوە، فریای شـەوی تارم نەهـات!

چاوەڕێ بووم ڕۆژێ بێـت و چاو لـەدوویـیم بێ لـە دوو
ڕۆژ گەلێ هـات تێپەڕی، دڵخوازی ڕۆژگارم نەهـات!

هـەر بە هیوای سـاڵی نوێ بووم بێـت و زەردی لابدا
سـاڵ گەلێ نوێ بۆوە، سـاڵی سـەوزی نۆبارم(١) نەهـات!

بوونە ئاواڵ دوانەیی مـن، غـوربـەت و ئاوارەیی
وەک ڕەوەندیی(٢)، وەرزی دوایین کۆچ و کۆچبارم
نەهـات!

**پەراوێزەکان:**

**١- نۆبار: تازەبەهار، سەرەتای بەهار.**

**٢- ڕەوەندی: خێڵەکی، کۆچەر.**